گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخدا

**هونەر محمد تۆفیق**
بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان،عێراق
hunartofiq80@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/٧/٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٨/٩
بڵاوکردنەوە:پایز٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Reflection*
*war*
*Ceramics*
*Contemporary Art*
*Memory*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.3.22

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە دەکۆڵێتەوە لە ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان/ عێراق

بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە کێشەی توێژینەوە و گرنگی توێژینەوە و سنوور و کاتی توێژینەوە و ئامانج و گرنگی و پێناسەی زاراوەکان.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ چێوەی تیۆری توێژینەوە کە پێکهاتووە لە دوو تویژگە، لە یەکەمیان: کە بەشێکە لە چێوەی تیۆری توێژینەوەکە بایەخ دەدات بە مێژووی جەنگ لە هونەری شێوەکاریدا، بە تایبەت ئەو کارە هونەرییانەی کە بەرجەستەی بابەتی جەنگیان کردووە و ڕەنگدانەوەی هە بووە لای هونەرمەندانی شێوەکاری لە جیهاندا.

وە لە توێژگەی دووەم: تایبەتمەندە بە هونەرمەندانی کوردستان کە لە ڕێگەی کارە هونەرییەکانیانەوە ڕەنگدانەوەی کارەسات و ئەو نەهامەتیانەی کە بەسەر میللەتی کوردا هاتووە، دەگێڕنەوە و ڕەخنەی لێدەگرن.

بەشی سێهەم: ڕێکارەکانی توێژینەوە: ١-کۆمەڵگەی توێژینەوە، ٢-نموونەی توێژینەوە، ٣-ئامرازی توێژینەوە، ٤-ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان، ٥-میتۆدی توێژینەوە.

لە بەشی چوارەمدا ئەنجام و دەرەنجامی توێژینەوەکە خراونەتە ڕوو، کە توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، کە ئەمانەن: ١-بابەتی جەنگ لە کاری هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان/عێراق ئەرکی

دێکۆمێنت و ئەرشیف کردنی مێژووی ئەو بابەتانە لە خۆ دەگرێت کە هەندێکیان شێوەی ڕاستەوخۆی کەسایەتییە دیارەکانی ڕوداوەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو کارەکەی یاخود لەسەر ئاستی هێما و سیمبول مامەڵە لەگەڵ بابەتی کارەکە دەکات.

٢-بەرجەستەکردنی بیرەوەرییەکانی جەنگ لە تەکنیک و شێوازەکانی سیرامیک ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەندە بەشێواز و تەکنیکی ئەو هونەرمەندە کە بیرەوەرییەکان تۆمار دەکات.

٣-ئاماژەکردنی بابەتی جەنگ لە نموونەکاندا (١-٢) لەسەر ئاستی ناونیشان و ناوەڕۆکی کارەکە دەردەکەوێت .

## بەشی یەکەم:

**١-کێشەی توێژینەوەکە:** جەنگ دیاردەیەکی ئاڵۆزە و دۆزینەوەی قووڵاییەکانی زۆر جار کارێکی ئەستەمە، چونکە سەرەڕای بۆچوونی جیاواز لەڕووی ئایینی و کۆمەڵناسی و خوێندنەوە سۆسیۆلۆژییەکان بۆ جەنگ و دیاردە و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام بەگشتی دەتوانین بڵێین جەنگ لەگەڵ مرۆڤایەتی و ژیانی بەکۆمەڵیی مرۆڤ و بەکۆمەڵایەتیبووندا سەری هەڵداوە. لەوانەیە کاریگەریی جەنگ بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە کار و هەڵوێست و کرداری مرۆڤەکان ڕەنگ بداتەوە، هونەرمەندیش لەم کاریگەرییە بەدەر نییە و کولتووری زۆربەی گەلانیش بەڵگەی ئەو کاریگەرییە دەردەخەن کە جەنگ هەیبووە و لە ئەدەب، شیعر، موزیک و ئاوازی گەلەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، هەندێک جار جەنگ بۆتە چیرۆک و داستان کە بەشیوازێکی ماتریالیستانە لەلایەن هونەرمەندانەوە تۆمارکراوە و کراوەتە بەڵگە ودۆکۆمێنت بۆ مێژووی شارستانی و مرۆڤایەتی. کاری هونەری شێوەکاریش وەک بەشێکی گەورەی کولتووری گەلان نموونەی ئەم کاریگەرییەی جەنگ لەسەر گەلان دەردەخات.

ئەم توێژنەوەی ئێمە هەوڵێکە و هاوکات پێویستییەکی ئەکادیمییە بۆ پشکنینی باسی ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری شێوەکاری لە هەرێمی کوردستان/عێراق، کە ئەو هەرێمە ڕووبەڕووی چەندین جەنگ بۆتەوە بە درێژایی مێژووی خۆی. دەتوانین دەستنیشانی کێشەی توێژینەوەکە بکەین لە ڕێگەی

وەڵامدانەوەی زانستییانە و خستنەڕووی چەند پرسیارێکی جەوهەری وەك پاڵپشتیەك لە کێشەی تۆێژینەوەکەمان بەم شێوەی خوارەوە:

١- ئایا ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستانی عێراق بوونیان هەیە؟

٢-ئایا هونەرمەندانی سیرامیکی لە هەرێمی کوردستان توانیویانە هونەرییانە مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی و جەنگدا بکەن وەک بابەت لە کارەکانیاندا؟

**٢-گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەی ئێستا لەچەند خاڵێک چڕ دەبێتەوە کە پەیوەستە بە:

١- گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بتوانین لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی چڕو پڕ لەسەر ڕەنگدانەوەی کاریگەری وکارەساتی جەنگ لە کولتووری شارەکانی هەرێمی کوردستان وەک دەرکەوتنی پێگەی جەنگ بەشێوەیەکی بینەیی یاخود لەسەر ئاستی بابەت وناوەرۆک وەک چیرۆک وباسەکانی ڕووداوەکانی جەنگ لەناو تاک وکۆمەڵگادا.

٢- توێژەر و خوێندکارانی خوێندنی باڵاو کۆلێجی هونەرو پەیمانگای هونەرە جوانەکان، بە گشتی و بەشی سیرامیک بە تایبەتی و هونەرمەندان وخاوەن پسپۆران و سەرجەم دامودەزگا هونەرییەکان وەک سەندیکاو مەڵبەندی ئیشی دەست و پەیمانگا هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستان وخوازیارانی بواری هونەر، دەتوانن لە داهاتوودا سودمەند بن لەم توێژینەوەیە.

**٣-ئامانجی توێژینەوەکە:** دەرخستنی **(ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان/ عێراق.**

**٤-سنوری توێژینەوەکە:** ١- سنوری بابەتی: ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لەهەرێمی کوردستان/ عێراق.

٢-سنوری شوێن: شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣-سنوری ماوەیی: (١٩٩٣ بۆ ٢٠١٩).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٥- چەمک و زاراوەکان:**

**پێناسەی زمانەوانی ڕەنگدانەوە:** بریتییە لە: "هێمایەک یان ئەنجامی شتێک، یاخود دەرخستنی یان دەربڕینی شتێک. هەروەها بەمانای بیرکرنەوەیەکی قوڵ و بە ووریاییەوە دێت دەربارەی ئەگەرەکان و بۆچوونەکان. مانایەکی دیکەی بریتییە لە دەرکەوتنی وێنەی شتێک لەسەر ڕوویەکی دەرخەر یان ئاوێنەیەک." (McIntosh،C, 2013, P.1290 ).

**پێناسەی چەمکی ڕەنگدانەوە:** "ڕەنگدانەوە وەسفی شێوازە هەمەجۆرەکانی ئەگەرەکان دەکات بۆ ئاگاداربوون لە پرۆسەکانی بیرو و کردار، بەئامانجی بنیاتنان و پشکنین و هەموارکردنەوەی زانیاری دەربارەی پێکهاتەکان و پەیوەندیەکان" (HÄCKER, T, 2011, P.177) وەلە پێناسەیەکی تردا گیلی بۆلتۆن (Gillie Bolton) لە کتێبێکیدا دەڵێت: "ڕەنگدانەوە چالاکییەکی سروشتییە. ئێمە هەموومان, کات بەسەر دەبەین بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو شتانەی کە وتومانە یان ئەنجاممان داوە، یان ئەو شتەی کە ئێمە دەمانویست بیڵێین یان کردومانە. زۆر جار، بیرکردنەوە لەگەڵ بیرکردنەوەدا دەبێت. یان چۆن هەندێک ڕووداوی بچووک زۆر گرینگتر بوو لەوەی کە ئێمە دەیزانین. ئەمە لە دەربڕینی ڕۆژانەدا ڕەنگی داوەتەوە." (Gillie B, 2010, P.173)

**پێناسەی کارپێی ڕەنگدانەوە:** ڕەنگدانەوە هەڵوێستی تاکڕەوی و گوزارشت لە سۆزە مرۆییەکان دەگەیەنێت، کە لە ئەزموونێکی خودگەرایی و دواتر بابەتگەرایی و لە ناو کۆمەڵ و دەوروبەردا ڕەنگ دەداتەوە.

**پێناسەی زمانەوانی جەنگ:** "جەنگ یان شەڕوشۆڕ، جەنگناسی یان زانستی شەڕوشۆڕ، یاخوود بەمانای ناکۆکی یان دوژمنایەتی دێت یان خەبات و کۆشش کردن دژی."(kradaghi, R, 2012, P.1176) پێناسەی زمانەوانی جەنگ لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (Oxford dictionary) " وەهەروەها لە فەرهەنگی زمانەوانی شێخ محمدی خاڵدا جەنگ: "بە گژ یەکدا چوونی دوو کەس یا زیاتر و هەرا و کێشەیان." (شێخ، م، خ، ٢٠٠٥، لا.١٢٦)

**پێناسەی چەمکی جەنگ:** "جەنگ شێوازێک لە کردارە بە ئامانجی ئەوەی بەرامبەرەکەی لەناو ببات یان سنوری بۆ دابنیت، یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی."(Alexander, K, 2002, P.491) "جەنگ بەهەموو وێنەو شێوەکانییەوە هەوڵیکی خۆکوژییە. جارڕدانی جەنگاوەرەکانە لەمایەپوچبوون لەدانانی چارەسەرە گونجاوەکان بۆ کێشەکانی نێوانیان." (ڕەمەزاند، ل، ٢٠١٥، لا.٥)

**پێناسەی کارڕێی جەنگ:**_جەنگ ئاکامگەلیکی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە و دەبێتە هۆی لە ناو چوونی ژیانی مرۆڤ و لەناوچوونی بنگە ئابوورییەکانی کۆمەڵگا. بۆیە جەنگ وەک جۆرێک لە توندوتیژی یان دەستێوەردانی سیاسی پێناسە دەکرێت.

## بەشی دووەم : توێژگەی یەکەم: مێژووی جەنگ لە بیرەوەری هونەری شێوەکاریدا.

بە بۆچونی هەندێک بیرمەند ومێژوونوس بابەتی جەنگ وەک کۆنسێپتێک لە هەموو شارستانییەتەکاندا ڕەنگی داوەتەوە کە لە بەرهەمە کولتوورییەکانیاندا بەدی دەکرێت. جەنگ وەک مێژوو بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤایەتی و لە بنیاتنانی شارستانیەتە سۆمەرییەکانەوە دەستپێدەکات، "(میزۆپۆتامیا) کە مێژوویەکی پڕبوو لە سەرگوشتە لە ڕووداو وکارەسات، پڕ لە هێرشی گەلەکان وخۆسەپاندنی فەرهەنگەکان و زمانە جۆراوجۆرەکان، پڕ لە ململانێ وکێشمەکێش، پڕاو پڕ لە پیشەسازی دێرین و پاشماوەی هونەری و سیمبوڵەکانی ئاینی." (پەروێز، م، ٢٠١٩، لا.١٥) هونەر هەمیشە لە خواستی تۆمارکردنی سەرکەوتنە سوپاییەکان بووە و هۆکاربووە بۆ تۆمارکردنیان بەشێوەی تابلۆ و پەیکەر، ئەوەش بەپێی ئارەزووی حوکمڕانەکان بۆ جەختکردن لەسەر کەسایەتی خۆیان، هەر ئەوەش بوە بە هۆکارێك بۆ داهێنان. کە زۆربەیان چیرۆکی سەرکەوتن دەگێڕنەوە.

لای ئاشورییەکانیش بابەتی جەنگ و سەربازی دیاردەیەکی سەرەکی بوو بە پێی تۆمارە مێژوویەکان "زۆربەی تابلۆکانیان بریتین لە جەنگ و لەشکرکێشی، ڕاو، مەراسیمی ئاینی... ئەمانە هەموو ئەو بابەتانە بوون، کە بۆ پاکردنەوەی کۆچی دوای کەسێکی فەرمانڕەوا، کە بەسواری عەرەبانە یان ئەسپەوە، یان لە حاڵەتی ڕاو وشکار وکوشتنی شێردا، بەکار هێنراوە. وەیەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی هونەری پەیکەرتاشی ئاشوری پیشاندانی دەسەڵات وتوانای جەنگی و جووڵەیە." (پەروێز، م، ٢٠١٩، لا.١٩)

"ئەگەر تۆمار و وێناکردنی بابەتی جەنگ لە مێژوودا بە شێوەیەکی بەرچاو دیار بێت، ئەوە لای میسرییە دێرینەکانیش چەندین وێنەی جەنگی بەدی دەکرێت، لەوانە جەنگی قادش" (کندة، م، ٢٠١٦، ص.٣٢).

بێگومان لە پاش شارستانیتە دێرینەکان هونەر چووە قۆناغێکی دیکەوە بەوەی هونەرمەندان پەردەیان لەسەر جوانی کارە هونەرییە کۆنەکان هەڵماڵی ولە لایەنی ڕۆحی و گوزارشتکردنەوە کەوتنە لاسایکردنەوەیان، گرنگتین قۆناغ سەردەمی ڕێنسانس بوو کە باڵابوون وجوانی لایەنی هونەری بە خۆوە بینی، وێنەکێشانی جەنگ و کارەساتە میژووییەکان لەسەردەمی ڕێنسانسدا لەسەردەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەندانی وێنەکیش تۆمارکراوە، وەک لە گێڕانەوەیەک بۆ کارەساتی جەنگی ئەسکەندەری مەکدۆنی (Alexander) کە چەندین تابلۆی جیهانی باس لەو جەنگە دەکەن کە "(هونەرمەندانی ئەوروپا هەستاون بە تۆمارکردنی ژیانی ئەلێکساندەرو داگیرکردنەکانی هەتا کاتی مردنی کە وەک زنجیرە فیلمێکی بەردەوام دەردەکەوێت، پاشان دەبینین کە هونەرمەندان چۆن لە ژیاننامەی ئەو ئیلهامیان وەرگرتووە بۆ تابلۆکانیان)" (جمال، ق، ١٩٩٨، ص,١٢) یەکێک لە کارە هونەرییە بەناوبانگەکانی جەنگ لە سەردەمی ڕێنسانسی باکوری ئەوروپادا، (کۆمەڵکوژییەکەی ئەلێکساندەر)ە کە کاری هونەرمەند ئەلبرێت ئاڵتدۆفەر (Albrecht Altdorfers) وەک لە شێوەی ژمارە (١) دەردەکەوێت.

گیرانەوە وتۆمارکردنی ساتە دژوارەکان لە بەرهەمە هونەرییەکانی فرانسیسکۆ دی گۆیا ( Francisco Goya) وەک تۆمارێکی مێژوویی و ڕەنگدانەوەی کاری هونەریی دزێوی، لەناوبردن "لەسێدارەدان"، کە لە وڵاتی ئیسپانیا ڕوویدا هونەرمەند "گۆیا" کردوویەتی بە تابلۆیەك بەناوی (لەناوبردن بە گولە بارانکردن) تاوەکو ئەو یادەوەرییە ببێتە هەڵوێستێکی مرۆیی و وابکات هزری مرۆیی ڕووناکببێتەوە و دژ بە وێرانکاری و کوشتار بێت. هەر لەو خاڵەشەوە هونەر دەبێتە پرۆژەیەکی شارستانییانەی بونیاتنەر. وەک لەشێوەی ژمارە (٢) دا دیارە.

یەکێک لە گرنگترین ڕوداوەکان کە لە میژوودا بە گرنگییەکییەکی زۆرەوە باس دەکرێت (شۆرشی فەڕەنسی)یە، کە "یەکێکە لە گەورەترین ڕووداوەکانی مێژوو، کە قۆناغێکی نوێی لە ئازادی هێنا، جووڵەیەکی ڕامیاری و شۆڕشێکی جەماوەری بوو هەموو کۆمەڵگای فەڕەنسی گرتەوە لەسەر هەموو جیهان کاریگەریی هەبوو." (حسان، ع، ٢٠١٦, ص.٤) هونەرمەند ئێرنێست میسۆنیەر ( Ernest Meissonier) لە یەکێک لە کارەکانیدا لە ژێر ناوی گەمارۆی پاریس، کە "زۆرجار لە پروپاگەندەی ناپۆلیۆنیدا ئاماژە بە تابلۆ جەنگییەکانی هونەرمەندی فەڕەنسی کراوە." ( Chelsea, W, 2014, p.25) بڕوانە شێوەی ژمارە (٣). "لە پاش شۆڕشی فەڕەنسی ئەوروپا پێشوازی لە سەردەمێکی نوێ کرد. هەندێک لە هونەرمەندان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە دەرکەوتن کە ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ڕۆشنایی بخەنە سەر سەربازە شەڕکەرەکان، وەک ئەلیزابێس تۆمپسۆن ( Elizabeth Thompson)، خاوەنی تابلۆی "یەکەی بیست و هەشتەم لە کواترێ براس ( The 28th Regiment at Quatre Bras)، کە تابلۆیەکی ڕەنگی ڕۆنییە لەسەر کانڤاس لە ساڵی ١٨٧٥، کە تێیدا سەربازەکان لە ناوەڕاستی تابلۆکەدا ڕیز دەبن، لە ئاماژەیەکی بێ هەڵە بۆ گرنگی جەماوەری سەربازەکان نەک

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرکردەکان. ئەمانە دیدگاگەلێک بوون کە هەوڵیان دەدا بەرەنگاری ئەو نەریتە مێژووییە ببنەوە کە هونەر خزمەت بە لایەنی سەرکەوتوو دەکات لە جەنگدا." (دینا، آ، ف،٢٠٢٢، ص.٤٦- ٤٩) بڕوانە شێوەی ژمارە (٤).






شێوەی ژمارە (١) شێوەی ژمارە (٢) شێوەی ژمارە (٣) شێوەی ژمارە (٤)

**بەرجەستەکردنی بابەتی جەنگ لە قۆناغەکانی مۆدێرن وپاش مۆدێرندا.**

ڕووداوە گەورەکانی وەکو جەنگە جیهانیەکان، هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ گەشەسەندنی هونەر هەر بۆیە "هونەر بوو بە ئامرازێکی هونەرمەند بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بەو هەموو وێرانکارییەی دەوروبەری وە زاڵبوون و تێپەڕاندنی ئەو دڕندەییانە بۆیە بزووتنەوەی دادایزم وەک کاردانەوەی هونەرمەندان بۆ جەنگ و وێرانکاری دەرکەوت. ئەو بزاڤە ڕاستەوخۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و هەڵوێست وەرگرتن بوو لەبارەی جەنگ وماڵوێرانی." (گارا، ٢٠٠٥، لا.٣٠٧) لەپاش دادابییەکان ڕێبازی سوریالیزم لە دایک بوو کە بو بە میراتگری دادایزم. "درامای هەژاندنی بایەخەکان لەلایەن جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەدامرکانەوەی ئەو جەنگە نەهاتە کزبوون، ئەوە نووسەر و هونەرمەندانەی لە نزیکەوە کارەساتەکانی جەنگیان بینی نەهاتن دوای نەمانی جەنگ، سەرلەنوێ باوەڕ بەو بایەخانە بێننەوەکە بەهۆی جەنگەوە بەتەواوەتی هەرەسیان هێنابوو. سوریالیزم هەوڵ دەدات کە هەموو سنورێک لە نێوان واقیع وناواقیعدا نەهێڵێت." (کەمال, م، ٢٠٢١ ، لا.٢٣٩) بڕوانە شێوەی ژمارە (٥) کە کارێکی هونەرمەندی سوریالی دالییە (Dali) لە ژێر ناونیشانی (ڕوخساری جەنگ).

جەنگە جیهانییەکان کاولکاری گەورەیان بە دوای خۆیان جێهێشت، زۆربەی هونەرمەندان لە ئاست ئەو ڕووداوە گەورانەدا هەڵوێستی ڕاستەقینەیان وەرگرت دژ بەو کارەساتانە، هونەرمەندانی سیرامیکیش بە هەمان شیوەی هونەرمەندانی تری شێوەکاری کاری ناوازەیان بەرهەم هێنا، بڕوانە شێوەی ژمارە (٦) کارێکی هونەرمەند چارلس کرافتە (Charles Krafft) "ئەم کارەی پرسیار کردنە لە گێڕانەوەی مێژووی هۆڵۆکوست کە نازییەکان کردیان دژ بە جولەکەکان، بەناونیشانی (گۆزەی هیتلەر)،" (Jennifer Wing, 2011, p.29)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئازارەکان بابەتێکی بەردەوامە لە هونەردا و نەریتی نیگارکێشانی توندوتیژی و ئازار و قوربانی و ستەمکاران لە مێژە سەرچاوەی دەربڕین بووە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە تووشی ململانێ دەبن. دوای ئەوەی جەنەڕاڵێکی فاشیست (Fascist) دیواربەندی جۆرنیکا (Guernica) بینی وەک لە شێوەی ژمارە (٧) دیارە، کە "زۆر بەدزێوی وێنەی ئەو سووتان و ئاگر تێبەردانەی بازاڕی گوندێکی ئیسپانی پیشاندەدات کە فڕۆکەکان لە جەنگی ناوخۆدا بۆردومانیان کردوە، جەنەراڵەکە لە بێکاسۆی( Pablo Picasso) پرسی: ئایا تۆ ئەم تابلۆی جۆرنیکات وێنە کێشاوە؟ ... بیکاسۆش لە وەڵامدا دەڵێت: نەخێر ئەوە ئێوە دروستتان کردووە." (William, R, 1996, p.126)


شێوەی ژمارە (٥)


شێوەی ژمارە (٦)


شێوەی ژمارە (٧)

مێژوو یەکێکە لە گرنگترین کاریگەرییەکان کە هەستی هونەری کۆمەڵگاکان لەو قۆناغانەدا دیاری دەکات, ئەزموونەکان و هەستەکانیان ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن لە بەرجەستەکردنی هونەرەکەدا، ئەو هونەرمەندانەی ئەزموونی جەنگەکان دەکەن مەیلیان بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بەشێوەیەکی گشتی جیاواز بووە. لە کاتێکدا "ژاپۆن لە ڕۆژانی کۆتاییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا ئاسنی کەم بوو، سەرکردایەتی سەربازی بەدوای کەرەستەی دیکەدا دەگەڕا بۆ ئەوەی نارنجۆکەکان دروست بکەن. یەکێک لە هەڵبژاردنەکان سیرامیکی نەریتی بیزن (Bizen pottery) بوو لە پارێزگای ئۆکایاما و شارەزای سیرامیکی بیزنی ئەو ڕۆژە فەرمانی پێکرا کە دروستیان بکات" ( Shimpei Matsumoto,2022, p,47) بڕوانە شێوەی ژمارە (٨) نموونەی نارجۆکەکانی ئەو کاتەیە.

جەنگی سارد (Cold War) جۆرێکی دیکەی جەنگە کە دۆخێکی دوژمنایەتی سیاسی لە نێوان وڵاتان کە بە هەڕەشە و پڕوپاگەندە و ڕێوشوێنی دیکە کە هیچ کەمتر نیە لە جەنگی ڕاستەوخۆ. یەکێک لەو کارە هونەرییانەی کە لەو ماوەیەدا کراوە نموونەیەکی تری کاری جەنگ، لە کارێکی هاوچەرخی هونەرمەندی ئەڵمانی ئەنسلیم کیفەرە (Anselm Kiefer) کە تابلۆ و پەیکەرەکانی پڕن لە ئاماژە بۆ ڕابردوو. ". لە نوێترین بەرهەمی کارێکی ئینسلەیشنە بە ناوی :For Louis-Ferdinand Céline)

لە کۆپنهاگنی هاوچەرخ، دەتوانن چاوەڕێی دۆزینەوەی چوار تابلۆ (Voyage au bout de la nuit) و چوار پەیکەری فڕۆکە بکەن. ئەم بەرهەمانە قەبارەیان زۆر گەورەیە و، پێشتر هەرگیز نمایش نەکراون. "فڕۆکەکان لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بەشێکن لە فەرهەنگی هونەرمەندەکە، بەڵام ئەمانە گەورەترین فڕۆکەن کە تا ئێستا نمایشکراون، کارەکانی هونەرمەند کە ماندوویتی جەنگ نمایش دەکەن کە فڕۆکەی جەنگی ڕاستەقینەی جۆری (١.١) پیشاندەدەن، کە بەکارهاتوون لە جەنگی دووەمی جیهانی و جەنگی کۆریا و جەنگی سارد، بەڵام لە نمایشی هونەرمەندا فڕۆکەکان لە حاڵەتی بێهێزی ونەرمیدان و توانای فڕینیان نیە واتا بێ هێز کراون." (MALAIKA, B, 2016) بڕوانە شێوەی ژمارە (٩) ئەم کارەی هونەرمەند پیشان دەدات..

جەنگ هەمیشە کارەسات بووە و پێناچێت بیرۆکەکانی مرۆڤدۆستی لە کاتی هێرشەکاندا کار بکەن، پێدەچێت مرۆڤایەتی لەبیری بکات کە جەنگی هێزی وێرانکەر چی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەڵام هەمیشە هونەرمەند لە نزیکەوە هەبووە. لە ڕێگەی هونەرەوە ئازارەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو بەڵگە دەکەن.

لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخیش نموونەی ڕون وئاشکرامان هەیە، بۆ لێکدانەوەی مانای کارەکە لەلایەن هونەرمەندان بە مەبەستی دژایەتیکردنی هزری جەنگ... هەروەها بۆ ڕاکێشانی سەرەنج و هەستی وەرگر بۆ نەفرەتکردن لە جەنگ و ئەنجامەکانی لە ڕێگای زیندووکردنەوەی یادەوەری جەنگ لای بینەر لە ناو جەماوەر و لە فەزای گشتیدا، هەرچۆن لە کۆنسێپتی پۆڵ کامێنز (Paul Cummins) کە لە فەزایەکی گشتیدا (خەندەقەکەی تاوەری لەندەن) کارێکی سیرامیکی لە گوڵاڵە سوورەی کەڵەکەکراو بەشێوازی دیمەنێکی ئینستلەیشن (Instalation) نمایشکرد بە ناونیشانی خوێن خاک و دەریاکانی بەسوور ڕوپۆشکرد (BLOOD SWEPT LANDS & SEAS OF RED) کەئەمەش ڕوونە لە شێوەی ژمارە (١٠)دا.

لە نموونەیەکدا کۆنسێپتێکی هونەری هونەرمەد باربارا کرۆگەر (Barbara Kruger) لە ژێر ناونیشانی (جەنگ) دەبینین کە سەرزەنشتی جەنگ دەکات" و ئەم کارەی ڕاستەوخۆ گفتوگۆمان لەگەڵ دەکات و لیدوانێکی بوێرانە ڕادەگەیەنێت، هونەرمەند لە سەرانسەری کارەکانیدا ستراتیژییەکانی دیزاینی گرافیکی وردی دەق و وێنەگرتن بەکاردەهێنێت کە لە ڕیکلامەکاندا باون، بۆ ئاراستەکردنی بەرەنگاری ئەوە دەکات کە چۆن مانا بۆ نیشاندەری بینراوی باوەڕ، ئەخلاق و دەسەڵات دادەنێین.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هونەرمەند ئاماژە بەوە دەکات: (من بە وێنە و ووشە کاردەکەم، چونکە توانای دیاریکردنی ئەوەیان هەیە کە ئێمە کێین و دەمانەوێت چی بین و ببینە چی)." (Barbara Kruger, 2018) بڕوانە شێوەی ژمارە (١١)



شێوەی ژمارە (٨)



شێوەی ژمارە (٩)



شێوەی ژمارە (١٠)




شێوەی ژمارە (١١)

لە کۆتایدا دەگەین بە ئەنجامێک کە جەنگ وەک کارەساتێک دڵی گشت گەلەکانی گوشیوە و جیهانێکی تایبەتی لە هونەری شێوەکاریدا دروستکردوە تاوەکو ئەو شێوە دڕندەکارییانە بگێڕێتەوە و باسیان لێبکات کە بەدەستی مرۆڤ ئەنجامدراون. هونەری شێوەکاریش زۆر کات ئەو وێرانکارییانە دەگێڕێتەوە کە وشە توانای ئەوەی نییە دەریانببڕێت

## تەوێژگەی دووەم: ڕەنگدانەوە وبیرەوەریەکانی جەنگ لە بەرهەمە شێوەکارییەکانی کوردستاندا.

"بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ووڵات ونەتەوە زلهێزەکان بەناوی داگیرکاری و کۆڵۆنالیزمەوە (Colonialism) پەلاماری ووڵات و نەتەوە بێهێز و بچوکەکانیان داوە و خێرو بێری سامانە سروشتییەکان و شتە مادییەکانی ئەوانیان تاڵان کردووە و لەپاڵ ئەوەشدا هەژموونی فەرهەنگ و کولتووری بە چەندین شێواز و ڕێگەی تایبەتی بەسەر نەتەوە ژێر دەستەکاندا سەپاندووە، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە تاکی نەتەوە ژێردەستەکان لە ئاست کولتووری نەتەوەیی خۆیاندا هەستی خۆ بەکەمزانینیان هەبێ و بە پێچەوانەوە بە چاویکی بەرزەوە لە ئەدەبیاتی ئەوانی تر بڕوانن." (هیمداد, ح, س، ٢٠٢٠، لا. ٣٢) گەلی کوردیش وەکو گەلێکی چەوساوە و ژێردەست و داگیرکراو هەمیشە لەم هاوکێشەیەدا جێگەیەکی تایبەتی گرتووە

لە سەدەی بیستەمدا وێڕای هەموو ئەم شۆڕشانەو قوربانی وکارەساتەکانی لە ڕاگواستن و بە عەرەب کردن و بە بەعسی کردن، بە هاتنە سەرحوکمی صدام حوسێن وەک سەرۆک کۆمار و کەسایەتییەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیکتاتۆر گەورەترین کارەساتی هێنا بەسەر گەلانی عێراقدا، بە هەڵگیرساندنی جەنگی نیوان عێراق و ئێران کە گەورەترین کارەسات بوو لە مێژووی عێراق و کوردستاندا، جەنگەکە هێندە بێبەزیانە درێژەی کێشا ئیتر دەست لە هیچ پەلامارێک نە ئەپارێزرا، ساڵانی کۆتایی بەرەکانی جەنگ وشارەکان ببونە یاپۆرایەک بۆ تاقیکردنەوەی چەکە قورسە داهێنراوەکان، سوپای عێراق توانی چەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی دروست بکات، بۆ تاقیکردنەوەی توانا کوشتاری وسامناکی چەکەکە هەڵەبجەی هەڵبژارد کە ئەوکاتە لە لایەن سوپای ئێرانەوە داگیرکرابوو، کە بوونە هۆی برینداربوونی دەیان هەزار کەس و شەهیدبوونی زیاتر لە ٥،٠٠٠ کەس و ئاوارەبوونی تەواوی خەڵکی شارەکە بۆ دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوونیان.

ڕژێمی ناوەندی عێراقی و داگیرکەری تەنها بە کارەساتی هەڵەبجە نەوەستا بەڵکو بە بیانوی هاوکاری کورد بۆ ئێرانییەکان لە پێناوی بنبڕکردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان، لە هەڵمەتێکی پاکتاوکردنی ڕەگەزیدا درندەترین هێرشی کردە سەر تەوای ناوچەکانی ئەم بەشەی کوردستان لە ژێر ناوی ئەنفالدا کە "پرۆسەیەکی سەربازی وئابوری وکۆمەلایەتی و دەروونی ڕژێمی پیشووی بەعس بوو لە ساڵی ١٩٨٨ و لە چوارچێوەی هەشت قۆناغی یەک لەدوای یەکدا ولە ماوەی چەند مانگێکدا لە ٢٢ی شووبات تا ئەیلولی هەمان ساڵی خایاند." (ئەسعەد، ج، ٢٠١٥، لا.٤٨).

لە ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠دا سەدام حوسێن جارێکی تر عێراقی توشی جەنگێکی تر کردەوە بە داگیرکردنی کویت، ئەنجامی ئەمە هاوپەیمانێتییەکی جیهانی دروست بوو بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت، لە ئەنجامدا عێراق شکستی هێناو سوپاکەی پەرتەوازە بوو، کورد لەم نێوەندەدا ئەم هەلەی قۆستەوەو لە ٥ی ئازاری ساڵی ١٩٩١دا دژی ئەو هەموو نادادی و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییەی کە بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدرا ڕاپەڕین وسەرجەم شارەکان بە کەرکوکیشەوە دەستیان بەسەردا گیرا "ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەبەهاری (١٩٩١) دژی ڕژێمی عێراق، خۆی لەخۆیدا شۆڕشێکی بێ وێنەی سەدەی بیست بوو، لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دژی سیستەمی بەعس سوپایەکانی دەسەڵاتەکەی." (ئەنوار، ح، ٢٠١٧، لا.١٥) ئەنجامەکەی ئازادی هینا بۆ گەلی کورد و خۆ ڕزگاربوون بوو لە دژی ئەو هەموو کارەساتە نەویستراوانەی گەلەکەمان. "بێگومان لەپاش ڕاپەڕینەوە، هەرێمی کوردستان بەچەند قۆناغێکی جیاوازدا گوزەری کرد تا گەیشتە ئەو تێگەیشتنەی کە سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی قەیرانەکان هەنگاو بەرەو سەرکەوتن دەنێت." (ئەنوار، ح، ٢٠١٧، لا.١٩) تێپەڕبوونی ئەم هەموو قۆناغە کاریگەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کردۆتە سەر هەموو چین وتوێژێک لەم هەرێمەدا و لە بیرەوەری هەموو تاکێکیشدا ماوەتەوە. هونەرمەندانیش لەم کاریگەرییە بێبەش نەبوون و لەدەربڕین و کارەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە.

ڕووداوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگوێزان و کۆڕەو و چەندین کارەساتی تر لەسەر ئاستی هەرێم و جیهاندا نموونەی زیندوون لە کاری هونەرمەندانی کوردستان و ڕەنگدانەوەیان لەبەرهەمە هونەرییەکان هەیە، بەشێوەیەکی دیار و ڕاستەوخۆ یان بە شێوەی هێماو سیمبوول. لە ڕێگەی بەرهەمی هونەرییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هونەرمەند لە هەرێمی کوردستاندا دانەبڕاوە لە کۆمەڵگا. بەگەڕانەوەمان بۆ بابەتە هونەرییە بەرهەمهاتووەکان دەکرێت لە نموونەیەکدا "تابلۆی جەنگی دەربەندی بازیان تابلۆیەکی بە سەلیقەی نیگارکێش (حەسەن فەلاح) ەو کارەسات و ڕوداوی جەنگی دڵتەزێنی نێوان هێرشی ئینگلیز وکوردەکانی سوپای شێخ مەحمود نمایش دەکات و لەسەر ڕووی دیواری چاخانەیەکی دێرینی سلێمانی ئەو کارەی ئەنجام داوە." (ستار، ق، ٢٠١٢، لا.١٠) بڕوانە شێوەی ژمارە (١٢).

هونەرمەندانی کورد ئەو ڕووداو و تراژیدیا مێژووییانەیان لەئامێزگرتووە کە خەڵکی کوردستان و هەرێمی کوردستانیش ڕووبەڕووی بوونەتەوە و لە کارە هونەرییەکانیاندا بە باشترین شێوە لە ڕێگەی پێشنیار، ئاماژە، هێما یان دەربڕینی ڕاستەوخۆوە بەدی دەکرێن، ئەم تراژیدیا و ڕووداوە مێژووییانە ئامادەییەکی بەرچاو دەبینین لە زۆرێک لە دەستکەوتە هونەرییەکانی هونەرمەندانی کوردستان بەتایبەتی لە بواری هونەری شێوەکاریدا، "هونەرمەند (عەزیز سەلیم) زایندەی سەردەمێکە کە تێیدا کوردبوون تاوانێک بوو سزای لەسەربوو، مرۆڤ ناتوانێت کورد بێت و نەخشەی هەستەکانی بەزمانیکی تر بکێشێ، هونەرمەند ڕەنگدانەوەی ژینگەکەیەتی کە بەزمانی زگماکی خۆی باس لە جیهانی بوونی حەز وترسەکانی مرۆڤ دەکات." (سەلام، ز، ع، ٢٠١٣، لا. ٧٦) بڕوانە شێوەی ژمارە (١٣) تابلۆی (ڕوخسارەکانی جەنگ).

هونەرمەندانی کوردستان کاری زۆریان کردووە سەبارەت بە و کارەساتانەی کەبەسەر میللەتەکەماندا هاتووە لەوانەش ئەو کارانەی کە بۆ ئازارەکانی ئەنفال و کیمابارانی هەڵەبجە ئەنجامدراون، لەنێویشیاندا هونەری پەیکەرسازی ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، پەیکەری شەهید عومەری خاوەر، یەکێکە لە سیمبولەکانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، لە لایەن هونەرمەند (زاهیر سدیق) ئەنجامدراوە "کاتێک کارەساتی گەورەی هەڵەبجە ڕویدا فۆتۆگرافەر ڕەمەزان ئۆزتورك چەندین وێنەی ئەو کارەساتەی تۆمارکردووە، یەکیک لە وێنەکانی بووە وێنەیەکی جیهانی و بەناوبانگ، ئەویش عومەری خاوەرە،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک سەیری وێنەکە دەکەیت هەموو کارەساتی گەورەی هەڵەبجە لەو ساتەدا دەخوێنیتەوە." (ژیمان، ٢٠١٧) بڕوانە شێوەی ژمارە (١٤).

لە سەرەتای هەشتاکاندا، بەهۆی جەنگی نێوان عێراق ئیرانەوە هونەرمەندان نەیاندەتوانی بە ئازادانە کاربکەن، هەر لەبەر ئەمەشە زۆربەی هونەرمەندە شێوەکارییەکان هانایان بۆ کۆمەڵێک لە شێوازی سیمبولی یان سوریالی دەبرد تا لە ڕێگای ئەوەوە گوازارشتەکانیان بگەیەنن بە شێوەیەکی نادیار و شاراوە، هونەرمەند (عەلی لەتیف) لە کارە هونەرییەکانی ئەو کاتەیدا بۆ دەربرینی کارەساتەکانی گەلی کورد لە تابلۆکانیدا پەنای دەبرد بۆ دروستکرنی شێوەی ئافرەت بە ڕووتی کە لە حاڵەتی ئەشکەنجەو ئازاردا بوون یان قولاپ لەجەستەیان درابوو، بۆ ئەم مەبەستە ئاماژەی هونەرمەند بۆ ئەوەیە کە "هەموو ئەمانە گوزارشتن لە نەهامەتی و ئازارەکانی گەلی کورد." (بەختیار، س، ٢٠١٣، لا.٦٤) لە خوێندنەوەی تابلۆکانییەوە لەوە تێئەگەین "ئافرەتی وەک سمبوڵیک شوپهاندووە بە کوردستان و بە خاک ونیشتیمان لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە دەربڕینەکانی بە ئازادانە دەربڕێت." بڕوانە شێوەی ژمارە (١٥)،






شێوەی ژمارە (١٢) شێوەی ژمارە (١٣) شێوەی ژمارە (١٤) شێوەی ژمارە (١٥)

لەبەرامبەر نەبوونی ئازادی و داپڵۆسینی ڕژێمدا هونەرمەندانیش هەڵوێستی کەسیی خۆیان هەبوو هەندێکیان چونە نێو بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد و خەبات و هونەریان ئاویتە کرد، بەشێکیشیان ڕویان کردە هەندەران و لەوێوە درێژەیان بە کاری هونەرییاندا. ئەو هونەرمەندانەی کە ڕێگای دەربازبوونیان هەبوو و چوونە دەرەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و ناو شۆڕش بە جۆرێکی دیکە و سەربەستانە تر گوزارشتیان دەکرد لەو کارەساتانەی کە بەسەر میلەتی کوردا هاتووە، هونەرمەند (ڕێبوار سەعید) ئاماژە بەوە دەکات "کارە هونەرییەکانی لە شاردا بەئەندازەیەکی قەوارە بچوک و کەم ڕەنگ ئەنجامی داوە، زیاتر پڕ بوون لە سیمای ئەو دۆخە نائاساییەی ئەو ساڵانەی مرۆڤی کوردی پیا تێدەپەڕی، بەڵام شاخ ئازادییەک بوو بۆنەدابگوزارشتکردن لەو هەستە پەنگ خواردووەی کە لە شاردا نەدەکرا بە ئاشکرا گوزارشتی لێبکرێت." (مەریوان، ع، ٢٠٠٠، لا.١٠) بڕوانە شێوەی ژمارە (١٦) هەر لەو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتە دژوارانەدا زۆرێک لە هونەرمەندان بۆ دەربازبوون لە دەسەڵات ڕویان لە هەندەران کرد بە هونەرمەندی تاراوگە ئەناسران و بە ئازادی دوور لە دەسەڵاتی ڕژێم هەست و نەهامەتییەکانی گەلی کوردیان دەگێرایەوە لەڕێی کارە هونەرییەکانیانەوە و خۆیان بەشێک بوون لەو ئازارو مەینەتییانەی کەبەسەر خەڵکی کوردا هاتووە، بڕوانە شێوەی ژمارە (١٧) کارێکی هونەرمەند (نەهرۆ شەوقی)یە لە تاراوگە بەناوی "لاشەیەکی جێماو، لەساڵی ١٩٨٦ لە ئەلمانیا.

بەڵام پاش ڕاپەرین و ڕزگاربوونی ئەم بەشەی کوردستان، هونەرمەندان ئازادانە هەستی خۆیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەرەبڕن و جۆری کارەکان دەگۆڕێت لە هەموو شێوازەکانی کارکردن کە ڕووبەرێکی فراوانتر بەکار دەهێنرێت بۆ ئەو هەستە پەنگ خواردووەی پێشوو لە کارەکانی هونەرمەندانی تایبەت بە بابەتی جەنگ وکارەساتەکان." (چاوپێکەوتن: ئەحمەد، ن، ٢٠٢٣) لێرەدا چەندین کاری هونەری دەکرا لە هەموو بەشەکانی هونەری شێوەکاری نیگارکێشان، پەیکەر، گرافیک، سیرامیک، هەروەها میدیای جیاواز لە هونەری ئێستادا و هاتنە بەرهەمی چەندین مۆنۆمێنتی جیاواز کە هەریەکەیان گوزارشت دەکات لە کارەساتەکانی ئەم هەرێمە لەوانە مۆنۆمێتی ئەنفال وهەڵەبجە. بڕوانە شێوەی ژمارە (١٨) مۆنۆمێتی ئەنفال وشێوەی ژمارە (١٩) مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیە.

دوای ڕاپەرینی جەماوەری خەڵکی کوردستان دژی ڕژێمی بەعسی عێراق و ڕزگارکردنی زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان بە شاری کەرکوکیشەوە ڕووداوێکی دیکەی مێژووی ڕوویدا، ئەویش کۆڕەوی ملیۆنی هاووڵاتیانی کوردستان بوو لە پاش مانگێک دوای ڕاپەڕین گەلی کوردستان ، وەکو وەڵامێک بۆ ڕژێمی بەعسی بە سوپایەکی گەورەو بێ شومارەوە هێرشی کردە سەر کوردستان و کۆڕەوی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە، زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئاوارەی سەرسنورەکانی هەرێمی کوردستان و ووڵاتانی تورکیا و ئێران بوون." (ANF News, 2021) بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٠) فۆتۆیەکی ئەو کارەساتە دڵ تەزێنەیە لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافی (photography) نمایش کراوە لە کەرکوک، لەلایەن هونەرمەند (مەهدی شەفیق).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)







شێوەی ژمارە(١٦) شێوەی ژمارە(١٧) شێوەی ژمارە(١٨) شێوەی ژمارە(١٩) شێوەی ژمارە(٢٠)

هونەرمەند (عوسمان قادر) لەڕێگەی هێڵکاری و کارە هونەرییەکانییەوە دەیەوێ ئەنفال وەک جینۆسایدکردنی کورد دۆکۆمێنت بکات هەروەک خوی دەڵێت. "وێنەکانم گواستنەوەی ئەو باری سەرنجە شۆکاوییانەیە کە لە کۆمەڵێک بیرەوەری شێواوەوە سەرچاوەیان گرتووە کە چیتر بەندی نەست نەماون، بەڵکو بوونە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەم، من بەردەوام لە ژێر کاریگەری زنجیرە تابلۆکانی نەهامەتییەکانی جەنگ بووم. بڕوانە شێوەی ژمارە (٢١).

کاتێ هونەرمەند کە بە ویستی خۆی باوەش بۆ پێکهاتەو کۆکردنەوەی ئەو بابەتانە دەکاتەوە کە لە ناخی خۆی هەستی پێدەکا، ئەوا کاردانەوەیەکی گرنگ لە داهێنان و دەربڕینیدا ڕوودەدات. "هونەرمەند (قەرەنی جەمیل) بەگشتی بابەتەکانی باس لە نەهامەتییەکان ومەینەتییەکانی دوای جەنگ و کارەساتەکانی دەکات، لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو بەتایبەتی کارەساتی ئەنفال وهەڵەبجە و زۆر لە جەنگەکانی وولاتانی تر هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی هەیە لای هونەرمەند." (نامق، ع،٢٠١٠، لا،٧١-٧٧) بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٢).

لە ئێستادا کارە هونەرییەکان سەبارەت بە بابەتی جەنگ گۆڕانکاری بەسەردادێت لە ڕووی ماتریاڵ و کۆنسێپت، نمایشی کارە هونەرییەکان بە شێوەی جیاواز دەردەکەون، لە نموونەیەکی دیکەدا پرۆژەی (دەنگۆی پاش کارەساتەکان) ی هونەرمەند (نەبەز بابان) دەبینین کە "لەسەر بنەمای بیرۆکەی چاودێریکردنی ڕواڵەتی فەرمی ڕووداوەکان بنیات نراوە، هەروەها لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆکی ڕووداوەکە لە ڕێگەی پرۆسەی دووبارە کێشانەوەی دیوی بینراوی کارەساتەکان. بەم پێیە، "خستنەڕووی کارەساتەکانی جەنگ لە چوارچێوەی دیزاینی کاری هونەرییدا لێڵ و نادیارە، تەنانەت ئەگەر کارەساتەکە بە شێوەیەکی بینراو و لە ڕێگەی میدیای بینراوەوە بەدی بهێنرێت و لێرەشدا هێزی زمانی ناڕاستەوخۆی هونەر کە شێوە و هێما لەخۆی دەگرێت زمانی ناڕاستەوخۆیە بۆ دەربڕینی هەستی مرۆڤی ناو کارەسات،" (چاوپێکەوتن: نەبەز، ب، ٢٠١٩) بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاریگەریی جەنگەکان زۆرن لەسەر شێواز و ژانرە هونەرییەکان، لە مێژوودا نموونەی زۆرمان هەیە سەبارەت بە کاردانەوەی هونەرمەندان لەڕێگای دەربڕین و ئامرازی جۆراو جۆرەوە، ئێمە وەک کورد ژیاننامەیەکی دوورودرێژی جەنگ و چیرۆکی کارەساتبارمان هەیە، هەر لە سەدەکانی ڕابردووەوە، تا دوا جەنگی تاڵ کە دژی داعش بوو، لەبەرئەوەی ژمارەیەک هونەرمەند بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد کە لە وەڵامی تورەیی و نارازیبوونی خەڵکدا هاتبوون، دژ بە کارەساتەکان بۆیە لەژێر ترسناکیی دڕندەیی ئەو ڕووداوانەدا، چەندین کاری هونەری دەرکەوتوون، کە کەوتونەتە چوارچێوەی دۆکیۆمێنتکردنی جەنگەکان. هونەرمەند (دارۆ ڕەسول) لە پرۆژەیەکی هونەریدا بە ناونیشانی (بەرهەمی دەوڵەتی بەربەریەت) دەڵێت: "جەنگ، کوشتن، تاوانکاری یەک ڕوخساریان هەیە، هیچ تاوانێک لەوەی دیکە باشتر و جوانتر نییە، تەنها هەندیک تاوان لەوانەی دیکە گەورەترن. ئەوەی دەوڵەتی داعش دژ بە دونیا بە ناوی جیهادەوە خستیانە بواری پراکتیکەوە بریتین لە کۆکردنەوە و کۆپیکردنی خراپترین و دڕەندەترین شێواز و جۆری تاوان وکوشتن و ئەشکەنجە و لاقەکردن لەو جەنگانەی کە لە مێژوودا ڕویان داوە. (گەلەری، ئیستا، ٢٠٢٢) لە شیوەی ژمارە (٢٤).

"زۆرێک لە کارە هونەرییەکانی بە دەوری دیمەنە تراژیدییەکاندا دەڕۆن ئەو ڕووداوە مێژوویی و سیاسییانەی کە لەگەڵ باکگراوندی هونەری و کولتووریدا ڕوویانداوە کە هونەرمەند خۆی ئەزموونی کردووە، ئەو توخمانە نیشان دەدات کە کاری هونەری ئەنجام دەدات. لەسەر هەردوو ئاستی تیۆری و کرداری." (Violett, K, 2022) . هونەرمەند (هیوا کەریم) لە یادەوەرییە کەسییەکانەوە سود وەردەگرێت بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی قەیرانە جیهانییە بەردەوامەکانمان، لەوانە، جەنگ، کۆچ کارێکی بەناوی (زەنگ). "گلدانەوەی پاشماوەی جەنگ و توانەوەی بۆ خشتی کانزا بە کەڵک وەرگرتن لە مین و بۆمب و فیشەک و بەشێکی فرۆکەی سەربازی و تانک و هەروەها پاشماوەی تری سێ جەنگی ئێران و عێراق و هەردوو جەنگی کەنداو، کە وەک کەرەستەیەک دەفرۆشێت.بڕوانە شێوەی ژمارە (٢٥)هونەرمەند سوودەکانی جەنگ دەگۆڕێت بۆ سوودەکانی ژیان." (Know, B, 2015, p.30)


شێوەی ژمارە(٢١)


شێوەی ژمارە(٢٢)


شێوەی ژمارە(٢٣)


شێوەی ژمارە (٢٤)


شێوەی ژمارە (٢٥)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لیرەدا بۆمان دەردەکەویت زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان کاریگەرن بەو ڕوداوانەی کەبەسەر میللەتی کوردا هاتووە، بەدرێژایی مێژووی کورد لەم ناوچەیەدا ڕوداو کارەساتە نەخوازراو و دڵتەزێنەکان بەردەوامی هەبووە، هونەرمەندانی شێوەکاری بە شێوازی جیاواز و نمایشی جیاواز گوزارشتی خۆیان کردووە، هەم بۆ دیکۆمێنتکردن و بە ئێستاکردنی ڕوداوەکان و هەڵویستوەرگرتن لە ڕووە بەدەر لە ئاکارەکانی جەنگ و داگیرکاری.

**ئاماژەکانی چێوەی تیۆری:**

١ -ڕەنگدانەوە دەربڕینی بەرهەم هێنەرو کۆمەڵگایە کە پەیوەندی بەو سەردەمەی کە کارە هونەرییەکەی تیادا دەروست بووە،

٢ -بیرەوەری لەکاری هونەری بە ئاست وشێوازی جۆراو جۆر دەردەکەویت، هەندێکجار لەسەر ئاستی بابەت، هەندێکجار لەسەر ئاستی شێوە و هەندێکجاریش لەسەر ئاستی ناوەرۆک و ناونیشان.

٣ -جەنگ بابەتێکی هەستیار و کاریگەرە لەسەر ژیانی مرۆڤ. هونەرمەندیش وەک چینێکی هەستیاری کۆمەڵگە پەیوەستە بەو ڕوداوانە بۆیە جەنگ لەکاری هونەریدا هەڵوێستێکی ڕەخنەییە کە بەشێوازی جیاواز گوزارشتی لێدەکرێت.

٤ -دەکرێت بابەتی جەنگ بە شێوەیەکی بینەیی لەکاری هونەریدا دەرکەویت بەهەردوو شێوازەکە واتا فیگەراتیف و شێوازی ئەبستراکت.

٥- سیمای جەنگ دەکریت لە فۆڕمێکی تێکشکاو و لەشێوەی تراژیدیا و وێرانکاریدا دەرکەویت.

٦-سەرجەم تەکنیکەکانی سیرامیک دەکرێت وەک ماتریال وشێوازی کارکردنی هونەری ئامرازیک بن بۆ گواستنەوەی کۆنسێپت و بابەتەکانی جەنگ

٧ -ماتریاڵ و کەرەستەکانی سیرامیک مەرجێکی سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی هونەری سیرامیکی سەبارەت بە بابەتی جەنگ.

## بەشی سێهەم: بەجێهێنانی توێژینەوەکە

**١ -کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: بریتییە** لەبەرهەمی سیرامیکی هونەرمەندانی کوردستان کە تیدا ڕەنگدانەوەی جەنگ لە کارە هونەری سیرامیکیەکانیادا بەرجەستەکرابوو، لە نێوان سالەکانی (١٩٩٣-

٢٠١٧) بەرهەمهێنراون، بەنزیکی (٢٢) کاری هونەری، توێژەر(٣)لەو کارەسیرامیکیانە وەک نموونەی گونجاو تایبەت بە بیرۆکەو دارشتەی گوزارشت لە ڕەنگدانەوەی جەنگ وکارەساتە نەخوازراوەکان.

**٢-نموونەی توێژینەوەکە**: توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بە پرۆسێسێکی دیاری کراوو بە مەبەست وەرگرتووە لەناو کۆمەڵگەی تویژینەوەکە بەهۆی گونجاندنی نموونەکان لەگەڵ ناونیشان وئامانج وکارڕێی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر (٣) کاری هونەری سیرامیکی جیاواز بۆ شیکاریکردن هەڵبژاردووە، بە چەشنێک پشت دەبەستێت بە پێوەرە ئاماژەکان، ئەمەش بۆ دۆزینەوە و خستەڕووی ڕەنگدانەوەی جەنگ لە کارە هونەرییەکاندا، کە لە بەرهەمی ئەم هونەرمەندانە ڕەنگدانەوەکە زیاتر بەرجەستە دەبیت و داتای تەواویان تۆمار کراوە لە ناو خشتەیەکی تایبەت.

**٣-ئامرازەکانی شیکار کردن**: بە پشت بەستن بە پێوەرە ئاماژەکانی چێوەی تیۆری لە کۆتایی لێکۆڵینەوەی تیۆری توێژینەوەکەدا هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجی دۆزینەوەی (ڕەنگدانەوەی جەنگ لەسەر هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان) توێژەر بۆ شیکار کردنەوەی کارە هونەرییەکان پشتی بە پێوەرە ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری بەستووە بە لە بەرچاو گرتنی میتۆدی وەسفی شیکاری بەم شێوەیە:

**٤ -ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان**: تۆێژەر بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، سەرچاوەکانی تایبەت بە کارە سیرامیکیە خوازراوەکان، پشتی بە بینین وکۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کارە هونەرییەکان بەستووە لای هونەرمەندان و گەلەری و پێشانگا تایبەتی وگشتی و هاوبەشەکان هەروەها گۆڤارو ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان. هەروەها پشت بەستراوە بەوە توێژینەوە و کتێبانەی کە لەسەر هونەرمەندانی سیرامیکی لە هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم ئامانجە، کە لە توێژینەوەکەدا دەستنیسان کراوە، بە تایبەت بە بوونی فۆرمی سیرامیکی (ڕەنگدانەوەی جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ) لای هونەرمەندانی کوردستان.

٥ -میتۆدی توێژینەوەکە: توێژەر (میتۆدی وەسفی شیکاری)وەک میتۆدێ بۆ تۆێژینەوەکە بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی کارە هونەرییەکان، وەک میتۆدێکی گونجاو بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە لە دەرخستنی (ڕەنگدانەوەی بیرەوەری جەنگ لە هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان/ عێراق.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**٦- شیکردنەوەی نموونەکان:**



**نموونەی (١)**

هونەرمەند: هیوا عەبدوڵڵا

ناوی کارەکە: مۆنۆمێنتی شەهید

پێوانە :(٨٠X ٣٠X ١٠) سم

ساڵی بەرهەم هێنان: ١٩٩٣

خاوەندارێتی: هونەرمەند

کارە هونەرییە سیرامیکییەکەی هونەرمەند (هیوا عەبدوڵڵا)، لەڕووی پێکهاتەی بونیادنانییەوە، بریتییە لە دوو بەشی ئەندازەیی، بەشی یەکەم، بریتییە لە شێوەیەکی ستوونی بازنەیی، هەروەها بەشی دووەمی کارەکە پێک دێت لە شێوەیەکی ئەندازەیی چوارگۆشە کە لە ڕێگەی فەرشی قۆڕەوە ئەنجام دراوە لە کاتێکدا بەشی یەکەمی بە تەکنیکی چەرخی سیرامیکی کارەبای بە ئەنجام گەیەندراوە. شێوەکە لە ڕێگەی شووشەی ترکواز و شووشەی سپی داپۆشراوە و دیمەنەکانی نێو کارەکە دابەشکراون بەسەر سێ بەشدا بە شێوازی جێبەجێکردنی جیاواز، بەشی یەکەم کۆمەڵێک ئەندامی جەستەی مردووەکان (شەهیدان)ە کە لەلایەن قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجەوە نوێنەرایەتی دەکرێن و بەشی دووەمی پارچە تەواوکراوەکەش لەسەر ناوەڕاستی کارە هونەرییەکە دەبینرێت، داستانێک ویناکراوە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو کارەساتە کە لەو ناوچەیەدا ڕوویدا، سەبارەت بە بەشی سێیەمیش، فریزێکی پەیکەری ڕیلیفە کە لەسەر ڕووی کارەکە دەبینریت کە ئەمە بە گرنگترین هێما دادەنرێت بۆ ئاماژەدان بە کارەساتی هەڵەبجە کەپیاوێک بوو بەناوی (عومەر خاوەر) و لەگەڵ منداڵەکەیەتی، کە لە کۆتاییدا گیانیان لەدەستداوە، و ئەمڕۆش بوونە سیمبولی ئەو کارەساتە و ئەو ڕووداوەی کە لە هەڵەبجە ڕوویدا .

بەکارهێنانی توخمە ئەندازەییەکان لە دارشتنی ئەم کارەدا دیارە کە ستوونی بازنەیی نوێنەرایەتی شێوەیەکی بنەڕەتی دەکات کە زۆرجار پەیوەستە بە یەکەیەکی بێکۆتاییەوە، بوونی لەم کارە هونەرییەدا، نوێنەرایەتییەکی هێمادارانەی بەردەوامی و پەیوەندی بەیەکەوە پیشان دەدات. لە بەرامبەردا شێوەی چوارگۆشە سەقامگیری و هاوسەنگی دەگەیەنێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ ستوونی بازنەیی. ئەم جوڵە تێکەڵەی نێوان هەردوو شێوەکە گرژییەکی جوانکاری دروست دەکات کە سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت.

ماترپاڵی بەکارهاتوو لەم کارە سیرامیکیەدا بریتییە لە گڵی ئێرسنوێر کە لە پلەیەکی گەرمی نزمدا سورکراوەتەوە و ڕوپۆشی کارەکە بە دوو ڕەنگ شووشەکراوە ئەوانیش بریتین لە ڕەنگی ترکواز و سپی کە هەردووکیان ڕەنگی سەرەکی کارەکەن .

ئەمە یەکێکە لەو کارە سیرامیکانەی کە باس لە کارەساتی هەڵەبجە دەکات و ئەوەی لەو شارە سنوورییەدا ڕوویدا، هونەرمەند (هیوا عەبدوڵلا) پشتی بە بنیاتنانی بەستووە بە شێوازی ئەبستراکت لە بەشێوەکردنی پێکهاتەکەیدا و بەکارهێنانی دوو ڕەنگی دژبەیەک کە هەریەکەیان ئاماژە و مانای تایبەتی خۆی هەیە، بەکارهێنانی ئەم دوو ڕەنگە بۆ ئەوەیە دیدێکی هزری و ئیستاتیکا بە خوێنەران و چیرۆکەکە ببەخشن کە لە چوارچێوەی ئامانجی پێکهاتەیی یان ناوەڕۆکی فیکری کارەکە بەرهەمهێنراوە،

بەکارهێنانی شووشەی ترکواز بە نەخشە زیندوو و ئاڵۆزەکانی ناسراوە، توخمێکی گرنگی کولتووری و مێژوویی زیاد دەکات لە ڕاستیدا ڕەنگی ژیان دەگەیەنێت، لە بەرامبەردا بەکارهێنانی شووشەی سپی یارمەتیدەرە بۆ هەستکردن بە ڕووناکی و ئارامی و پاکی ڕۆحی بێتاوانەکان و ئاماژەیەکی سمبولییە بۆ پاکی ڕۆحی شەهیدان، هونەرمەند چیرۆکی ڕووداوەکە بە شێوەیەک دەگێڕێتەوە کە پەرە بە هەستی وەرگر دەدات و بەرجەستەی ئەوە دەکات کە لەو ساتەدا ڕوویدا، ئەم یەکخستنی جۆرەکانی شووشە، جەخت لەسەر مەبەستی هونەرمەند دەکاتەوە بۆ تێکەڵکردنی ماددە جۆراوجۆرەکان بۆ وروژاندنی وەڵامە سۆزداری و ئیستاتیکە تایبەتەکان.

کاتێک بەرهەمێکی هونەری لە وەڵامی کارەساتێکی گەورە یان ڕووداوێکی دڵتەزێنی وەک ئەوەی لە هەڵەبجە دروست دەبێت، کە چەکی کیمیایی زیانێکی بەرچاو و لەدەستدانی ژیانی لێکەوتەوە، ئامانجەکە دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی هونەرمەند و مەبەستەکانیان، هونەرمەند لێرەدا کارەکەی دەکاتە ئامرازێک بۆ یادکردنەوەی قوربانییەکان و ڕێزگرتن لە ژیانیان. ڕەنگە هونەرمەند ئەم بەرهەمەی بێکهێنابێت کە ڕێز لەو تاکانە بگرێن کە بەهۆی کارەساتەکەوە زیانیان بەرکەوتووە و یادەوەرییان بپارێزن و دڵنیابن لەوەی چیرۆکەکانیان لەبیر نەکرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**نموونەی (٢)**




ناوی هونەرمەند: ئاوارە هیوا ڕەشید

ناوی کارەکە: شەهید

ماتریاڵ: گڵ، ستێنی سەوز، شووشە، سکرین

مێژووی بەرهەمهێنان: ٢٠١٧

پێوانە: ٢٧- ٣٩ سم

ئەم کارە سیرامیکییە وێنەی فۆتۆگرافی (پێشمەرگەیەکی شەهید) وێنا دەکات لە سەر ڕوکەشێکی شێوە ئەندازەیی کە پێکهاتووە لە جەستەیەکی نیمچە کەوانەیی و لە چەند لایەکییەوە گۆشەی ئەندازەیی تیژ دەبینریت، ئەم جەستەیە لەسەر بنکەیەکی لاکێشە جێگیر کراوە، لەگەڵ وێنەی پێشمەرگەکە، ووشەی (پێشمەرگە)ش دەبینرێت و چەند تێکستێکی نوسراویش کە بەهەمان شێوەی جەستەکە ئاراستە وەردەگرێت، جەستە سیرامیکییەکە وێنەو تێکستەکان لەخۆ دەگرێت و بەڕەنگی گڵێنە دەردەکەوێت، بەڵام شێوە چاپکراوەکان بریتین لە ڕەنگی ڕەش و سەوز.

پێکهاتەی ئەم کارە بەشێوەیەکی ئاسایی بنایاتنراوە لە شێوازی هەرەمی کلاسیکی نمایش دەکرێت وەک سێگۆشەیەک کەلەسەر بناغەکەی جێگیر کراوە وە لوتکەکەی بۆ بەشی سەرەوەی کارەکە ئاڕاستە دەکرێت، وادیارە ئەم شێوازە لە دارشتن خزمەتی تەواو بە دەرخستنی بابەتەکە دەکات و هۆکاری سەرەکییە بۆ بینینی وێنەی پێشمەرگەو پێکهاتەکانی تری کارەکە.

هونەرمەند گڵی سیرامیک وەک ماتریاڵێکی سەرەکی بۆ کارە هونەرییەکە بەکاردەهێنێت لە ڕێگەی تەکنیکی فەرشی قوڕەوە هەروەها بەکارهێنانی تەکنیکی چاپی گرافیکی (سکرین)، لەڕێگای بەکارهێنانی ستێن و ئوکسید وەک دوو ماتریاڵی سەرەکی سیرامیک، کە ئەم تەکنیکە توانای دەرخستنی ووردەکاری ناو کارەکە دەکات، چونکە تەکنیکەکانی باوەکانی سیرامیک هاوکار نین بۆ گواستنەوەی وێنەیەکی فۆتۆگرافی بەو جۆرە کواڵیتیە. پاشان بەکارهێنانی شووشەی ڕون کە هاوکار دەبێت بۆ پارێزگاری لەساوی دەرەکی کارەکە، ئەمەش جوانکاری کارە هونەرییەکە دەوڵەمەند دەکات، هەڵبەتە تێکەڵکردنی ئەم تەکنیک و کەرەستانە لە ئەنجامدا بابەتی جەنگ بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ دەخاتە بەردەم بینەر، چونکە وێنەی شەهید ئاماژەیە بە دەرەنجامەکانی جەنگ، لەم کۆنتێکستەدا هونەرمەند

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەکنیکەکانی چاپی سکرین دەکات بەناوەندێک بۆ دروستکردنی ئایکۆنێکی جەنگ لە سەنتەری کارە هونەرییەکە.

ژێدەرو ناوەرۆکی ئەم کارە سیرامیکییە بابەتی جەنگ دەخاتە سەنتەر لە ڕێگای بەکارهێنانی وێنەی کاسایەتییەکی دیار (مامەڕیشە) وەک سمبولیک بۆ بابەتی شەهید بوون، ئەم بابەتەش یەکێکە لەدەرئەنجام و بیرەوەرییەکانی جەنگ، ئەم بابەتەش لەسەر ئاستی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی کاتی جەنگ لە بیرەوەری تاک و کۆمەڵگەی کورد بەردەوام بوونیان هەیە نەک تەنها لەسەر ئاستی وێنە فۆتۆگرافیکییەکان بەڵکو لەسەر ئاستی باس و شانازی بە مێژووی سیاسی کورد، لێرەدا ئەم کارە هونەریە هەوڵێکە بۆ بەرز ڕاگرتنی بەشدارییە بەرچاوەکانی پێشمەرگە لە دروستکردنی مێژووی خەباتی کورددا، تێکستەکان هاوشێوەی وێنە فۆتۆگرافیکەکە هاوکاری بینەر دەبێت بۆ ناسینی و خویندنەوەی بابەتی جەنگ لە ڕێگای کارێکی هونەری مۆدیرن. ئەو دروشمانەی لە تەنیشت وێنەکە دانراون، پەیامی کارە هونەرییەکە زیاتر دەگەیەنێت، دەستەواژەی یەکەم "ئەو کەسەی ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە" هەستێکی چاونەترسی و خۆڕاگریی پەیوەست بە پێشمەرگە وەبیردەهێنێتەوە. لێرەدا ڕەنگدانەوەی بیرەوەری جەنگ ئامادەیی ڕووبەڕوو بوونەوەی مەترسی کوشندەیە لە بەرگریکردن لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردە، دروشمی دووەم، "ئازادیخواز"، جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاری، خۆبەخشی و دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ کۆمەڵگاکەیان و بەرخۆدانی چالاکانەیان لە دژی هێزە ستەمکارەکان. هەروەها لە بەشی خوارەوەی کارە هونەرییەکە چەند دەستەواژەیەکی خوێنراو دەبینرێت وەک (خێزان، سەلامەتی، ماڵ، ئازادی، جەنگ) کە ئەم ووشانە ئەو بەها بنەڕەتیانە لەخۆدەگرن کە پێشمەرگە و بنەماڵەکانیان بە پیرۆزی دەزانن، لەم ڕاڕەوە هونەرمەند بە هێنانە ناوەوەی دەستەواژەکان جەخت لەسەر چڕکردنەوەی واتای جەنگ دەکاتەوە وە هاوپێچکردنی ئەم وشانە لەگەڵ وێنەی فیگەری ناوەندی، ئاستی سۆزداری کارە هونەرییەکە بەرز دەکاتەوە و هەستی لەدەستدان و وێران بوون و قووڵی جەنگ لەسەر ژیانی گەلی کورد دەوروژێنێت. کە هەموو ئەمانە ئامانجی سەرەکی هونەرمەندن لە پەیام و ناوەرۆکی بنەڕەتی کارە هونەرییەکەن.

هونەرمەند (ئاوارە هیوا ڕەشید) بابەتی جەنگ دەخاتە سەنتەری کارە هونەرییەکەی لەڕێگەی تێکەڵ کردنی دوو شێوازی تەکنیکی نەریتی و تەکنیکی چاپی گرافیکی سکرین بۆ وروژاندنی بیرەوەرییەکانی جەنگ لە ڕێگای بەکارهێنانی وینەی ڕاستەوخۆی شەهیدێک لەسەر ڕووکەشێکی سیرامیکیدا.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نموونەی (٣)



هونەرمەند: کاوە ڕەمزی

ناوی کارەکە: گوولەباران

پێوانە: (٣١X ٢٦) سم

ساڵی بەرهەم هێنان: ٢٠١٩

خاوەنداریێتی: هونەرمەند.

ئەم کارە هونەریە بریتییە لە تابلێتێکی سیرامیک بەشێوەیەکی ئەندازەیی نارێکە بەشێوازێکی ئاسۆی دانراوە و ڕەنگەکانیان کۆنتراستن لە نێوان ڕەش و سپی و شین و کۆمەڵێک ڕەنگی تر، ساوی کارەکە هەتا ڕادەیەک زبرییەک بەخۆی دەبینێت وە فۆرم و هێمای تێدا بەدی ئەکرێت. کاتێک کە لێی وردەبیتەوە بریتییە لە ڕووخسارێک وەک بابەتێکی ناوەندی خۆی دەخاتە ڕوو. هونەرمەند بە لێهاتوویی سیماکانی دەموچاوی وێنا کردووە، هەروەها چەندین بازنە دەبینین لە هەردوو تەنیشتی ڕوخسارەکەوە کە دەشێت ئەم کونانە نوینەرایەتی جێگەی فیشەک بکەن، لە بەشی خوارەوەی کارەکەش چەندین هێماو ئاماژە دەبینین، کە هونەرمەند بەمەبەست بەکاری هێناوە.

ئەم تابلێتە لەسەر باکگراوندیکی ڕەش دەردەکەویت، تێکشکاندنی شێوازی سیمتری لەم کارەدا بە شێوازێک بەدی دەکرێت کە جیاوازی نێوان ڕەنگ و ساو و فۆرم پێکەوە کار دەکەن بۆ بەخشینی چەمکی جیاوازی بەکۆی گشتی کارەکە، هەروەها دەوڵەمەندی تەکنیکی هونەرمەند هاوکار بووە بۆ سەرکەوتنی ئەم کارە لەڕووی کۆمپۆزیشنەوە کە تەکنیک ئەو ڕێبازە ڕاستەوخۆیە بۆ پێکهێنانی خودی بیرۆکەکە کە بابەتێکی ئەبستراکتە، وێناکردنی هەندێک چەمکی نزیک لە واقیعەوە تێبینی دەکرێت وە زۆر کات ئەم تابلێتە ئەبستراکتە چەمکێکی ئاماژە پێکراوی تابلێتە دێرینەکانی مێژوومان بیر دەخاتەوە ، چونکە بەکارهێنانی سمبول و سەنتەر کردنی هەندێک لەو سومبولانە ئاماژەیە گرنگی میتۆدی سەنتراڵ کە خودی کارەکە ئەو بیرۆکەیە بە ئاسانی تێیدا تێبینی دەکرێت.

هەڵبەتە ئام کارە دەچێتە شێوازەکانی ئەبستراکت کە فۆرمێکی پەتی نمایش دەکات دوور لە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆ بۆ شێوە زار یا گوزارشتێکی ڕاستەوخۆ کە لە واقیعدا وەرگیراوبێت، ئەم کارە هونەرییە بە هۆی ماتریالی سەرەتایی سیرامیکەوە پێکهاتووە بریتین لە گڵ و ئۆکسیدو ستێن و هەتا پرۆسەی شووشەکردن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەری سەرتاسەری کارە هونەریەکان لە دەوری سروشتی کارەساتبارانەی جەنگ دەسورێتەوە. هونەرمەند لە ڕێگەی بەکارهێنانی ماتریاڵی سیرامیکەوە، جەخت لە دەرەنجامەکانی جەنگ دەکاتەوە ئەم تابلیتە سیرامیکە دەبێتە نوێنەرایەتییەکی بەرجەستەی کاریگەرییە بەردەوامەکانی جەنگ، کە یادەوەری بەکۆمەڵ لە ئازار و لەدەستدانی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، دەربڕینی تاریکی سەر دەموچاو هەستی خەم و ئازار و نائومێدی دەهێنێتە ئاراوە، بینەران ناچار دەکات هاوسۆزی چیرۆکە نەگێڕدراوەکانی قوربانییە بێشومارەکانی جەنگ بن. هونەرمەند بە لێهاتووییەوە ئەو زیانە سۆزدارییە وێرانکەرانە دەگەیەنێت کە بەسەر ئەو تاک و کۆمەڵگایەدا هاتووە کە بەهۆی ململانێی توندوتیژەوە کاریگەرییان لەسەرە و بە مەبەست ناسکی و لاوازی دەموچاوی مرۆڤ لەگەڵ هێزی وێرانکەری تەقەی فیشەکدا دەخاتە پاڵ یەکتر، بەمەش تیشک دەخاتە سەر ئەو ئازارە بێئەندازەیەی کە تاکەکان بەهۆی هێزی چەکدارییەوە توشی دەبن. بوونی کونەکانی فیشەک لەناو کارە هونەریەکەدا وەک هێمایەکی بەهێز کاردەکات کە نوێنەرایەتی توندوتیژی و دەرئەنجامە وێرانکەرەکانی جەنگ دەکات، کونە فیشەکەکان وەک مەتافۆرێکی بینراو کاردەکەن بۆ ژیانی لەدەستچووەکان، جەخت لەسەر لەدەستدانی کارەساتبارانەی ژیانی مرۆڤەکان دەکەنەوە، کە لە ئەنجامی جەنگەوە ڕوودەدات و پێشنیاری توندوتیژییەکی بە مەبەستی ئامانجدار دەکات. ئەمەش تیشک دەخاتە سەر واقیعی تاریکی زیانگەیاندنی ڕاستەوخۆ کە لە کاتی جەنگدا بەسەر تاکە بێتاوانەکاندا دەگەیەنرێت. ئەم کارە هونەرییە وەک شرۆڤەیەکی ڕوون و زەق لەسەر بێهودەیی جەنگ و دەسەڵاتە وێرانکەرەکەی کاردەکات. جگە لەوەش ئەو ڕووخسارەی کە لە کارە هونەریەکەدا وێنا کراوە، پەیوەندییەکی مرۆیی گشتگیر دەورووژێنێت، کە نوێنەرایەتی ئەزموونە بەکۆمەڵەکانی تاکەکانی کاریگەری جەنگ دەکات

لە کۆتاییدا، ئەو کارە هونەرییەی کە لەم توێژینەوەیەدا شیکاری بۆ کراوە، وێنایەکی بەهێزی دەرئەنجامە کارەساتبارەکانی جەنگ دەخاتە ڕوو، هونەرمەند بە شێوەیەکی کاریگەر ئەو زیانە قووڵە سۆزداری و جەستەییە دەگەیەنێت کە بەسەر ئەو کەسانەدا دەسەپێندرێت کە بەهۆی جەنگە چەکدارییەکانەوە کاریگەرییان لەسەرە. هێما و کاریگەرییە بابەتییەکانی کارە هونەرییەکە، بینەران هان دەدەن کە بیر لە توندوتیژیی بێمانای جەنگ بکەنەوە و بیر لە پێویستی ئاشتی و لێکتێگەیشتن بکەنەوە. کارە هونەریەکان بە گەڕان بەدوای ناسکی ژیانی مرۆڤ لە بەرامبەر جەنگدا، هاندەری گفتوگۆیەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فراوانترە سەبارەت بە بەهای هاوسۆزی و بەزەیی و گرنگی بەدواداچوون بۆ چارەسەری ئاشتیانە بۆ ململانێکان.

**بەشی چوارەم ئەنجام ودەرەنجام:**

**ئەنجامەکان:**

١-بابەتی جەنگ لە کاری هونەری سیرامیکی هاوچەرخ لە هەرێمی کوردستان/عێراق ئەرکی دێکۆمێنت و ئەرشێف کردنی مێژووی ئەو بابەتانە لە خۆ دەگرێت کە هەندێکیان شێوەی ڕاستەوخۆی کەسایەتییە دیارەکانی ڕوداوەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو کارەکەی یاخود لەسەر ئاستی هێما و سیمبول مامەڵە لەگەڵ بابەتی کارەکە دەکات.

٢-گوتارو پەیامی جەنگ لەکاری هونەری سیرامیکدا لە هەرێمی کوردستان، پابەندە بە داڕشتن و ڕێکخستنی ڕەگەز و توخمەکانی پیکهێنانی کاری هونەری وە هەندێک جار هونەرمەند کار لەسەر بەها ئیستاتیکییەکان ئەکات ئەمەش لەسەر جەنگ، نموونەکانی ئەم تویژینەوەی ئێستادا بەدی دەکریت.

٣-بەرجەستەکردنی بیرەوەرییەکانی جەنگ لە تەکنیک و شێوازەکانی سیرامیک ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەندە بەشێواز و تەکنیکی ئەو هونەرمەندە کە بیرەوەرییەکان تۆمار دەکات لە ئەنجامی شیکاری نموونەکان، تەکنیک و ڕێبازی هەمەرەنگ لە هەر دوو کارە هونەرییەکە (نموونەی تویژینەوە) جودا دەکریتەوە.

٤-بەکارهینانی سکرین بۆ چاپ کردنی وێنەی فیگەراتیف (وێنەی شەهید) یەکیکە لە تایبەتمەندییەکانی بەرجەستەکردنی بیرەوەری جەنگ لە کاری سیرامیکی هاوچەرخدا، ئەمەش لە نموونەی ژمارە (٢) بەروونی دەبینرێت.

٥-ئاماژەکردنی بابەتی جەنگ لە نموونەکاندا (١-٢-٣) لەسەر ئاستی ناونیشان و ناوەرۆکی کارەکە دەردەکەوێت بەمەبەستی جەخت کردنەوە لەسەر ماناکانی جەنگ.

٦-بیرەوەرییەکانی جەنگ بە دڵنیاییەوە بەستراوە بە چەمکی مێژوو بەهۆی باسکردنی بابەتی قۆناغەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستان کە ڕوداوەکانی جەنگ و کارەساتەکانی پاش جەنگ لە خۆ دەگریت و بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت چەمکی جەنگ لە کاری هونەری سیرامیکدا هەڵگری پەیامی جیاواز وفرە لایەن بێت، لایەنەکانی مێژوو، سیاسەت، هەستی تاک و سۆزداری کەسایەتی لەخۆبگرێت.

دەرەنجامەکان:

١-هونەرمەندانی سیرامیک لە کوردستان تەکنیکی ماتریال جۆراو جۆر لە شێوازی کارکردنی هونەری بەکاردەهێنت وەک ئامرازیک بن بۆ گواستنەوەی کۆنسێپت و بابەتەکانی جەنگ.

٢-ڕەنگدانەوەی بابەتی جەنگ لە کارە هونەرییەکانیان دەردەکەوێت کە تەکنیک و شێوازی مۆدێرنە بە کاردەهێنن وەک ناوەند و بابەتی ئەنجامدانی کارەکە.

٣-هونەرمەندانی شێوەکاری لەکورستان بەشێک بوون لەبەرەنگاربوونەوەی زوڵم ستەمکاییەکان کە دوچاریان بونەتەوە، بەشداربون لە گەیاندنی پەیامی دژبە جەنگ لە رێگایی تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی جەن لەڕێگای کارەهونەرییەکانیانەوە بەشێوەی جۆراو جۆر و تەکنیکی جیاواز وەکو ناوەندو بابەت بۆ دەربڕینی کارەکانیان.

## سەرچاوەکان:

### ١-سەرچاوە کوردییەکان:

١-شێخ محمدی، خ، ساڵی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکەرەوەی دەزگای ئاراس ژمارە(٣٥٦)، چاپی دووەم لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٢-ڕەمەزاند، ل، (٢٠١٥) وەرگێڕانی سەفین لاوچاک، جەنگی جیهای دووەم، چاپی دووەم، سلێمانی چاپخانەی چوارچرا، لە بەریوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

٣- پەروێز، م، (٢٠١٩)، پوختەی مێژووی هونەر، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، کوردستان- سلێمانی، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم.

٤-کەمال، م، (٢٠٢١) فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپخانە مێخەک، چاپی سێهەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.

٥-گارا، (٢٠٠٥) هونەری شێوەکاری مۆدیرن، دەزگای چاپ و بڵاو٣کردنەوەی ئاراس، گەرەکی خانزاد هەولێر، چاپی یەکەم هەولێر.

٦-هیمداد، ح، و سەنگەر، ن، (٢٠٢٠) ئەدەبی جیهانی، چەمک ومێژوو ئارێشەکان، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

٧-ئەسعەد، ج، (٢٠١٥) ئەنفال لە میدیاکانی بەعسدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی پیرەمیرد، سلیمانی.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٨- ئەنوار، ح، (٢٠١٧) کورد لەناو عێراقی مۆزایک و ناهۆمۆجین دا، چاپخانەی حەمدی(بڵاوکراوەی دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم.
٩-ستار، ق، (٢٠١٢) تابلۆ خوێندنەوە، کۆمەڵە وتار لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی هونەری شێوەکاری سلێمانی، لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان.
١٠-بەختیار، س، (٢٠١٣) سەلام زەندی،عەزیز سەلیم ١٩١٧-٢٠٠٣، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، بەریوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلیمانی، چاپی یەکەم.
١١- مەریوان، ع، (٢٠٠٠) ڕێبوار سەعید و ئەو کەڤاڵانەی تامی بەرسیلەو مزرە سیوەکانی هەورامان ئەدەن، گۆڤاری پشووی کوردستانی نوی، ژمارە ١٤، سلێمانی.
١٢- نامق، ع، (٢٠١٠) کاروانی ڕەنگی خەم ومردن لای قەرەنی جەمیل، گۆڤاری شێوەکاری، چاپخانەی مێرگ، هەولێر، ٢٠١٠، ژمارە ٢٩ ساڵی هەشتەم.
١٣- گەلەری ئێستا، (٢٠٢٢) پرۆژەی: بابەت وگوزارشتی هونەرمەندان لە ئێستادا. ڕێکخەر: دارۆ، شوێن: کارگەی کولتووری.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- كندة، م، (٢٠١٦) المضمون الإنساني في موضوع الحرب وأثره على القيم التشكيلية والتعبيرية في فن الحفر الأوروبي المعاصر، كلية الفنون الجميلة، جامعة دمشق.
٢-جمال، ق، (١٩٩٨) الفن ؤالحرب, الناشر, مكتبة مصر, سعيد جودة السحار وشركاه, الطبعة الثانية.
٣-حسان، عمران، (٢٠١٦) الثوره الفرنسيه الاولى (١٧٨٩-١٧٩٩) , ادراك للدراسات والاستشارات.
٤- دينا، آ، ف، (٢٠٢٢) الذاكرة الفنية شاهدة على التحول، مجلة: الإنساني، العدد ٦٩، القاهرة.

**٢- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

1-*McIntosh ،C. (2013), Cambridge Advanced Learners, Dictionary (4th Ed). Cambridge university press, the university of Cambridge.*
*2- kradaghi, R, (2012), The Azad, English-Kurdish, Dictionary (3rd Ed). Nashr, Ehsan, the ministry of culture.*

*3-HÄCKER, Th, (2011), Portfolio revisited – über Grenzen und Möglichkeiten eines vielversprechenden Konzepts. In: MEYER, THORSTEN u.a. (Hrsg.): Kontrolle und Selbstkontrolle. Zur Ambivalenz von E-Portfolios in Bildungsprozessen, Wiesbaden.*
*4-Gillie, B, (2010) Reflective practice: writing and professional development, University of Hull, in Study Skills Handbook.*
*5-Alexander, K, und Oskar, N, (2002) Was its Krieg? In: Blatter fur deutsche und international Politic, Bonn.*
*6-Chelsea, W, E, Auerbach F, M, The Barricade, (2014) Rue de la Mortellerie, June 1848: A Reflection of Class Tension in Nineteenth-Century Paris Class Tension in Nineteenth-Century Paris, Georgia College & State University, Article.*
*7-KoW, B, (2015) GAllerY@KoW–BerlIN.coM, HIWA K Selected Works 2006 – 2018, The Bell, SD&HDvideo, color, sound with English subtitles.*
*8-Jennifer Wing, (2011), The art of disaster, knkx.org/Artscape, p,29*
*9-William, R (1996), Anne, B, Pierre, D, This is the catalog to the blockbuster show of, featuring portraits from the beginning to end of Picasso's long career., p.126*
*10-Shimpei Matsumoto, (2022) The Japan News, asianews. network/ceramic-wwii-grenades-show-sorrowful-mixing-of-art-and-war.p.47*

**٣- سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:**

١-ژیمان، (٢٠١٧) هونەر هەڵەبجە بەجیهان دەناسێنێت، https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=
2-Wiki, A, (2014) Visual Art Encyclopedia https://www.wikiart.org/en/otto-dix
3-MALAIKA, B, (2016) Anselm Kiefer’s lead warplanes land in Copenhagen,https://thespaces-com.translate.goog/anselm-kiefers-lead-warplanes copenhagen- contemporary/
4-Violett, K, (2022), https://welt-kunst-kassel.de/violett-kunstgalerie/
5-Barbara Kruger, (2018)

**٤- چاوپێکەوتن:**

١- چاوپێکەوتن: ڕێبوار سەعید، (٢٠٢٣) شوێن: زانکۆی سلێمانی.
٢- چاوپێکەوتن: ئەحمەد نەبەز، (٢٠٢٣) شوێن: زانکۆی سەلاحەدین.
٣- چاوپێکەوتن: نەبەز بابان، (٢٠٢٣) شوێن: زانکۆی سلێمانی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print) :ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی

# The Reflection of War in Contemporary Ceramic Art in The Kurdistan Region/Iraq

**Hunar Muhammad Tofiq**
Department of Ceramic, College of Arts, Sulaymaniyah University, Sulaymaniyah, Kurdistan Region, Iraq.
hunartofiq80@gmail.com

***Keyword***:*Reflection, war, Ceramics, Contemporary Art, Memory*

## Abstract

This paper examines the reflection of war in contemporary ceramic art in the Kurdistan Region/Iraq

The first part of the research is about the research problem, the importance of the research, the limitations and time of the research, the purpose, importance and definition of terms.

The second part of the study, which is part of the theoretical framework of the research, focuses on the history of war in the art of painting, especially those artistic works that reflected the theme of war and had a reflection among artists around the world.

The second part of the second research is concerned with Kurdish artists who through their artistic works reflect the tragedy and misery that has befallen the Kurdish nation, narrate and criticize it.

Research Implementation: 1. Research community, 2. Research sample, 3. Research tools, 4. Data collection tools, 5. Research methods.

Chapter 4 About Results.

1. The subject of war in contemporary ceramic art in the Kurdistan Region/Iraq includes the task of documenting and archiving the history of the subjects, some of which directly transfer the prominent figures of events into their work or deal with the subject at the level of symbols.

2. The embodiment of war memories is done in ceramic techniques and styles, which depends on the style and technique of the artist who records the memories.

3. The reference to the subject of war in examples (1-2) appears at the level of title and content of the work.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٣)، پایز٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# انعكاسات الحرب في فن الخزف المعاصر في إقليم كوردستان/العراق

**ملخص :**

تبحث الدراسة الحالية في انعكاسات الحرب في فن الخزف المعاصر في إقليم كوردستان/العراق إذ يركز الفصل الأول من الدراسة على مشكلة وأهمية البحث، والحدود الزمنية والموضوعية للبحث، فضلا عن أهداف البحث، وتعريف اهم المصطلحات الواردة في الدراسة، حيث يهدف البحث الحالي إلى بيان انعكاسات ذكريات الحرب في فن السيراميك المعاصر في إقليم كوردستان العراق.

ويتألف الفصل الثاني من الإطار النظري للبحث حيث يركز المبحث الاول على سرد موجز لتاريخ الحرب في الفن التشكيلي، وخاصة الأعمال الفنية التي تجسد موضوع الحرب ويعكسها الفنانين في اعمالهم حول العالم.

بينما تم تخصيص المبحث الثاني من الدراسة لإنتاج فناني كردستان الذين يعكسون من خلال أعمالهم الفنية الكوارث والازمات الناتجة عن الحروب.

ويتمثل الفصل الثالث بإجراءات البحث: 1- مجتمع البحث، 2- عينات البحث، 3- أداة البحث، 4- أداة جمع البيانات، 5- منهج البحث.

وينتهي الفصل الرابع بالنتائج والاستنتاجات وقائمة المصادر والمراجع، وجاءت نتائج البحث على النحو الاتي:

يتضمن موضوع الحرب في الفن الخزفي المعاصر في إقليم كوردستان/العراق مهمة توثيق وأرشفة تاريخ الموضوعات التي يتم تداول بعضها على نحو سردي لشكل الشخصيات البارزة في الأحداث من خلال الإشارة إلى موضوع العمل على مستوى رمزي.

١-يتم تجسيد ذكريات الحرب من خلال تقنيات السيراميك، اعتمادا على أسلوب وتقنية الفنان الذي يسجل الذكريات.

٢-يعد استخدام الطباعة بالشاشة الحريرية (السكرين) لنقل صورة الشهيد، من خصائص تجسيد ذاكرة الحرب في أعمال السيراميك المعاصرة، ويمكن رؤية ذلك بوضوح في المثال (١).

٣-تظهر الإشارة إلى موضوع الحرب في الأمثلة (١-٢) على مستوى عنوان العمل ومحتواه